کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
21-5-2007 10:21 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## کاک نەوشیروان ماڵی لە شوشە نییەو بەردیشی لە کەس نەگرتووە وەلامێک بۆ کاک هاوکار... م. عەونی خۆشناو

من هەر چەندە پارێزەری کاک (نەوشیروان) نیم تاکو بەرگری لە کاک نەوشیروان بکەم، بەڵام وەکو شاهید حاڵێک چۆن ناسیومە هەروەکو خۆی باسی دەکەم.. بەڕێزیان زیاتر لە چارێکە سەدەیەک وەکو کەسایەتیەکی دیارو بەناوبانگ و سەرکردەیەکی لێهاتوو لە خەبات و بەرخودان دایە. یەکێکە لە سەرکردە هەرە پاک و بێ گەردەکان کەس ناتوانێ پەنجەی گەندەلی و کەم تەرخەمی بۆ ڕابکێشێ، بۆیە دڵنیام لەوەی کاک هاوکار نەکاک (نەوشیروان) ی دیوەو نە دەیناسێ، بۆیە زۆر بە نارەوا هێرشی کردۆتە سەر ئەو بەڕێزە لەسەر ئەو وتارەی بەڕێزی کە لە ماڵپەڕی سبەی بڵاو کراوەتەوە لەسەر کارو چالاکیەکانی پەرلەمان.. بۆیە من بە کاک هاوکار دەڵێم کاک (نەوشیروان) ماڵی لە شوشە نییەو بەردی لە خانووی خەڵک نەگرتووە، بەڵکو ڕەخنە لە دەزگایەک دەگرێت کە ماڵی هەموومانەو چارەنوسی گەلەکەمانی پێوە بەندە، بۆیە ئەرکی کاک (نەوشیروان) ە وەکو سیاستمەدارێک وکەسایەتیەکی دیاری گەلەکەمان منیش وەکو تاکێکی کورد وە هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئەرکی سەر شانمانە ڕەخنە لەپەرلەمان و حکومەت و هەموو دامودەزگاکان بگرین بۆ چارەسەرکردنی کەم وکوریەکان. کاتی ئەوە هاتووە بپرسین ئەرێ پەرلەمانتارو وەزیرە بەڕێزەکانی هەرێم. کارمەندەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان فەرموون لە ماوەی چەند ساڵەی کارکردنتان چیتان کردووە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بۆ ئەوەی دەست خۆشیان لێ بکەین لەکارو پڕۆژە چاکەکانیان و ڕەخنەیان لێ بگرین لە کەم و کوڕی وکەمتەرخەمیەکانیان. وەهەروەها پێشنیاری گونجاویان بۆ بکەین بۆ چالاک کردنی کارو پڕۆژەکانیان، بەڵام بەداخەوە تاکو ئێستا نە پەرلەمان و نەحکومەتی هەرێمی کوردستان کارو پڕۆژەکانیان ئەوەندە شەفاف نین تاکو بزانین چیان کردووە، یاخود نەکردووە، ئەوەی بەرگوێی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکەوێت تەنها ئەوەیە دەڵێن فلانە باڵەخانە بۆ پەرلەمان و فلانە باڵەخانە بۆ حکومەت وجوانترین ئۆتۆمبیڵ بۆ پەرلەمانتارەکان و وەزیرە بەڕێزەکان زۆرترین موچە بۆ ئەو بەڕێزانەیە.. بەر گوێم کەوتووە گوایە تەلەفۆنە دەستیەکانیان لە هی خەڵکی ئاسایی جیاوازن، بۆیەئەستەمە ئەو بەڕێزانە نوێنەری ئێمەبن و، بەڵام هەموو شتەکانیان لە ئێمە جیاوازبن..

من تەنها یەک نموونەی بچووک بەبیرتان دەهێنمەوە چەند ساڵێک بەر لە ئێستا سەرۆک وەزیرانی پێشووی هۆڵەندا بۆ کڕینی ئۆتۆمبیلێکی گوللە نەبڕ کە نرخەکەی 30 دەفتەر دۆڵار بوو ڕەزامەندی پەرلەمانی بۆ وەرگیرا لەڕێگایی ڕاگەیاندن هەموو دانیشتوانی هۆڵەندا گوێ بیستی گفتوگۆکان بوو. بەڵام لە وولاتی ئێمە ئەو هەموو شتەکان دەکڕێ و دەفرۆشێ و دابەشدەکرێت بێ ئەوەی کەس ئاگایی لێ بێت، بۆیە هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان مافی خۆیانە ڕەخنە لەو دوو دەزگایە بگرن وئەرکی سەرشانی پەرلەمانتارو وەزیرەکانە وەلامی ڕەخنەکان بدەنەوە.. وێڕای ڕێزێکی زۆرم بۆهەموو پەرلەمانتارەکان و وەزیرەکان کە لە بابەتەکەم دا باسیان کراوە، وەهەروەها دەستخۆشی لەو پەرلەمانتارو وەزیرە بەڕێزانە دەکەم کە شەونخونی دەکەن بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان و نەهێشتنی کەم وکوریەکان و چالاک کردنی دەزگاکان.

دووبارە ڕێزو خۆشەویستیمان بفەرموون.

م. عەونی خۆشناو
هۆڵەندا/ لاهای

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.